# حوكمی ئەو كەسانەی زەكات نادەن

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حكم مانع الزكاة

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی ئەو كەسانەی زەكات نادەن

**پرسیار** : "ئایا حوكمی ئەو كەسانەی زەكات نادەن چییه لە ئیسلامدا ؟"

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەو كەسانەی كە زەكات نادەن حاڵیان لەم حاڵەتانەی خوارەوە بەدەر نییە :

**یەكەم** : "ئەو كەسەی كە زەكات نادات ئەگەر هاتوو ئینكاری فەرزیەتی زەكاتی دەكرد، و بــاوەڕی پێی نەبوو، ئەم حاڵەتەش خۆی لەخۆیدا دەكرێت بە دوو بەشەوە :"

**حاڵەتی یەكەم** : "ئەگەر هاتوو تازە موسڵمان بوو، وە یان لەجێگەیەكی دوورە دەست دەژیا، ئەم كەسە حوكمی بێباوەڕی نادرێت بەسەریدا، تاوەكو بەڵگەكانی فەرز بوونی زەكاتی بۆ ڕوون دەكرێتەوە، ئەمجا حكومەتی ئیسلام بەزۆر زەكاتەكەی لێ

دەسێنێت، خۆ ئەگەر پاش ئەوە هەر دانی نەدەنا بە فەرز بوونی زەکاتدا، حوکمی بێباوەڕی بەسەردا دەدرێت، و لەگەڵیدا دەجەنگێت تاوەکو لێی دەسەنرێت .

**حاڵەتی دووەم** :"ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی ئینکاری فەرز بوونی زەکاتی دەکرد، لەو کەسانە بوو ئەحکام و تەعالیمەکانی ئیسلامی لا ڕوون و ئاشکرا بوو، بەوەی لەناو وولاتی موسڵمانادا دەژیا و گوێی لە زانایان و بانگخوازان و ووتاربێژان بوو بوو کە باسی فەرزیەتی زەکاتی بۆ خەڵکی دەکرد، ئەم جۆرە کەسانە ئەگەر ئینکاری فەرزیەتی زەکات بکەن و دانی پێدا نەنێن و زەکاتی ماڵ وسامانیان نەدەن بە هەژاران، حوکمی بێباوەڕی بەسەردا دەدرێت و ودەسەڵات لەگەڵیدا دەجەنگێت تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە و زەکاتی ماڵ و سامانەکەی دەدات ."

**دووەم** :"ئەو کەسەی کە زەکات نادات، دان دەنێت بە فەرزیەتی زەکاتدا، بەڵام لەبەر ڕژدی و بەخیلی زەکاتەکەی نادات بەهەژاران، ئەم کەسە حوکمی بێباوەڕ نادرێت بەسەریدا، بەڵام هێندە هەیە دەسەڵات و حکومەتی ئیسلام بەزۆر لێی دەسێنێت، و

دەیدات بەو کەسانەی کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هێناون، وە ئەگەر هاتوو دەسەڵاتداری موسڵمانان حاکمێکی دادپەروەر بوو بەو شێوەیەی کە بە شایستەی دەزانێت سزای دەدات تاوەکو تەمێ ببێت، وە ئەگەر هاتوو حاکمی موسڵمانانیش کەسێکی ستەمکار بوو ئەو کاتە تەنها زەکاتەی لێ دەسێنێت و سزای نادات".

خوای گەورەش زاناترە .